سەرۆکی سەید حەکیم: هاریکاری تورکیا پێویستە بە سەقامگیری و گەشەپێدانی هاوبەش



بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هەزەکانی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە بەڕێز ئێنیل بۆرا ئینان باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە بیرووا سەبارەت بە پەیوەندی ئاوگۆ کرا لە نێوان عێراق و تورکیا و چۆنیەتی پتەوکردنی بەگوڕەی بەرژەوەندی هەردوو گەلی دەست.

لەم دیدارەش بەڕێز سەید حەکیم ئاماژەی بە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق کرد کە تیشکدانەوەی دەخی ئارەزنی بوو هەروەها باسی دەستگرتنی گەلی عێراقی کرد بە بە ڕووی دیموکراسی و هەڵبژادنەکان کرد بە دیاری کردنی نوێنەرانی خۆی و ڕوونیکردەوە کە عێراق کراوەیە بەرامبەر دەروبەری هەرێمی و نێودەوڵەتی و هەوڵدەدات باشترین پەیوەندی بەپێی بنەما هاوبەشەکان و ڕێزگرتمی سەروەری دروست بکات.

سەماحەتی سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگێ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو لە کات و ساتی دەستووریدا بێت و داواشی کرد بەرنامەکانی هەڵبژاردن بکەنە بەرنامەی کاری واقعی کە بەپیل داواکاری و خواستی هاوڵاتیان بێت و پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە بدی بێت.

لەکۆتاییدا سەماحەتی سەید حەکیم سەتایشی ڕێکەوتنی ئەم دواییەی نێوان عێراق و تورکیای کرد لەهەردوو ڕووی ئابووری و گەشەپێدانەوە، داواشی کرد کە پاڵپشتی ئەو ڕێکەوتنە و پێشخشتنی بکرێت بە ئاوەی بەرژەوەتدی هاوبەش و سەقامگیری و پێشکەوتنی هەردوو وڵات زیاتر بدی بێت.